ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی

«پێناسەیەکی تیوریک»

عەبدولخالق یەعقووبی
(زانکۆی سابیس - کوردۆلۆژی)

شیعر توندوتیژییەکە لە دەروونەوە کە لە توندوتیژیی دەرەوە دەمانپارێزیت؛ شیعر گوشاری خەیاڵە کە قورسایی واقیعمان لە سەر کەم دەکاتەوە.
ڤالاس ستیڤێنس، شاعیری مۆدێرنیستی ئەمریکی

پێشەکی

ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی بەشێکە لە ئەزموونی شیعریی ئەو وڵاتە ژێردەستانەی جیهانی سێیەم کە ناچارییەک لە دۆخی سیاسیی وڵاتەکەیان وای کرد کە ڕوو بکەنە شیعری شۆڕشگێڕی، کاکڵی مەبەستی ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتییە، واتە ئەو شتەی کە لەسەر عەرزی واقیع لە جیهانی سیاسیدا هەوڵی هەڕەشە لێکردن و سڕینەوەی دەدرێت، لە جیهانی ئەدەبیات و شیعردا چێ بکرێتەوە و ئەمە ببێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکرێت تا جۆرێک لە سەربەخۆیی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیش بێتە ئاراوە، لە لایەکی ترەوە شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی ئەو ترس و مەترسی و کارەساتانە (ئەزموونی ترۆماتیکی مرۆیی گەلی کورد)، لە چەشنی پاکتاوکردنی ڕەگەزی، ئەنفال، کیمیاباران و کوشتوبڕ، دەکاتە ئەزموونی دەقی خۆی کە بە درێژایی مێژووی ئەم سااڵنەی دواییەنی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک لە لایەن دەسەڵاتدارانی فاشیستی نەتەوە باڵادەستەکانی فارس و تورک و عەرەب و تونڕەوانی ئایینیی وەک داعش بە سەر نەتەوەی کورددا هاتووە.

شیعری شۆڕشگێڕی، یان بەرخۆدان، یان بەرگری هەوڵی ئەوە دەدات کە بڵێت چۆن دەتوانێت لە سەر بنەمای جیهانێکی دەقی- پەیقی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی ژێردەدەست دروست بکات، پرسیارێک کە لێرەدا ڕەوایە لە خۆمان بپرسین ئەوەیە کە ئایا شاعیر

بەرپرسایەتیی ئەوەی لە سەر شانە کە کێشەکان و گرفتەکانی کۆمەڵگای خۆی بە شێوەی ئاشکراو نائاشکرا لە نێو دەقی خۆیدا بنوێنێتەوە؟ ئایا شاعیر ئەو مافەی هەیە کە جگە لە خولیای شەخسیی خۆی، بەرهەمەکەی ببێتە ئاوێنەیەکی بااڵنوێنی ویست و وردیی کۆمەڵگاکەی، بە تایبەتی لە قۆناغی ژێرەدەستیی نەتەوەییدا؟ ئەگەر وەاڵم بەڵێ بێت، ئەو کاتە شیعری شۆڕشگێڕی شکڵ دەگرێت، شیعری شۆڕشگێڕی نەک هەر ئاوڕ لە واقیعی کۆمەڵگاکەی دەداتەوە، بەڵکو لە هەمبەر ئەو واقیعەدا هەڵوێستی ڕاشکاوانە وەردەگرێت.

شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی

لە ئەدەبیاتی کوردیدا شیعری شۆڕشگێڕی پانتاییەکی فراوانی بۆ خۆی تەرخان کردووە، هەر لە ئەزموونی شیعری حاجی قادرەوە کە کاردانەوەی دۆخێکی نوێ بوو لە کوردستان، واتە دژکردەیەک لە بەرانبەر دەسەاڵتی کۆڵۆنیالیستیی تورکی عوسمانی و فارسی قاجاری تا سەرەتاکانی سەدەی هەنووکە کە هەڕەشەی ئیسالمی سیاسی لە جۆری داعشییەکەی لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی کوردی هەر ماوە.

ئەگەر شۆڕشگێڕی بە واتایەکی فەلسەفی و فیکری وەرنەگرین و شۆڕشگێڕی بە پەرچەکردارێک لە بەرانبەر دۆخێکی سیاسی-عەینیدا لە قەڵەم بدەین، ئەو کات دەتوانین بڵێین بەشێکی بەرچاوی شیعری کالسیکی کوردی ناچنە خانەی شیعری شۆڕشگێڕییەوە، بۆ نموونە، جیهانبینیی شیعری مەحوی دنیایەکی ئایدیالیستیی خوڵقاندووە، واتە جۆرێک لە جیهانبینییەکی مەیلەو فەلسەفی کە بەشێکی فراوانی لە چوارچێوەی گوتاری عیرفانیدا چڕ دەبێتەوە، بەاڵم لە شیعری حاجی قادردا، ئاراستەی دەق ڕووەو جیهانی عەینی و ماتریالیستییەیە و زیاتریش ئایدیالۆژیایەکی سیاسیی تایبەت ئاراستەی دەکات، واتە ناسیونالیزمی کوردی، بۆیە ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی بریتییە لە جیهانێکی شیعری کە تێیدا ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەبێتە گوتاری زاڵی دەق، ئەو ناسنامەیەی کە لە جیهانی دەرەوەی دەقدا لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوە و توانەوەی "ئەوی تر"دایە، ئەوی تریک کە دان بە ڕەوایی کورددا نانێت، وەک مرۆڤی خاوەن مێژوو و نەتەوایەتیی خۆی کە شایانی دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی خۆیەتی. بۆ نموونە، لەم دوو شیعرەدا جیاوازیی نێوان ئەو دوو گوتارە دەردەکەوێت:

دڵدار

لە پێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما
دەسا خاکی هەموو عاڵەم بە سەر خۆما نەکەم چ بکەم؟!
(مەحوی)

خاکی جزیر و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
(حاجی قادر)

لە نموونە شیعری حاجی قادردا، خاک خاکێکی عەینیی ماتریالیستییە کە خەریکە لە الیەن "ئەوی تر"ەوە، واتە نەیاری کورد، داگیر دەکرێت، بەاڵم لە شیعرەکەی مەحوی-دا خاک زیاتر لە دووتوێی جیهانبینییەکی فەلسەفیدا شیاوی پاساو بۆ هێنانەوە و لێکدانەوەیە، بۆیە بەم پێودانگەی ئێمە، بۆ نموونە، شیعری مەحوی شیعرێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەو واتایەی کە چ هەڵوێستێکی ئەوتۆی لە ئاست خاک و نەتەوە و ژێردەستیی نەتەوەیی و قەومی نەبووە و هەڵوێستێکی ئەوتۆی نەکردووەتە گوتار و ناوەرۆکی زاڵی شیعریی خۆی.

لە شیعری شۆڕشگێڕی کوردیدا ئەو شتەی گرینگە و زەق دەکرێتەوە، ئەوەیە کە شیعر بە هیچ شێوەیەک لەو

جیهانەی کە شاعیری تێدا دەژیت دانابڕێت و پێویستە نەتەوە لە ژێرەدەستیی خۆی ئاگادار بێت و هەوڵی خۆ ڕزگارکردن بدات، لە ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیدا شیعر لە سەرووی چینی کۆمەڵایەتییەوە واتای نییە، شیعر لە دەرەوەی سیاسەت واتای نییە؛ بەڵکو شیعر بەرهەمی زەینی شاعیرە لە ئەزموونی ژیانی نێو کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، لێرەوەیە کە شیعری شۆڕشگێڕی لە نێو نەتەوە ژێرەدەستەکاندا سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە، لە شیعری "ئەی ڕەقیب"ی دڵدار-دا هەوڵ دراوە جەوهەری ناسنامەی کوردی وەک گەل بە پرسی سەروەریی نەتەوایەتییەوە ببەسترێتەوە:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان

ڕەقیب ئەو "ئەوی تر"ـەیە کە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی قەومی کوردزمان دەدات، بەو پێیەی کە شیعرەکە پێمان دەڵێت ڕەقیب چاوەڕوانی نەمانی قەومی کورد زمانی دەکرد، مانەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کورد لە مێژوودا وەک گەلێکی سەربەخۆ ئامادەیی هەبێ، لێرەدا "قەوم" ئاماژەیە بە جۆرێک ڕەوایەتیی مێژوویی و "زمان" پێناسەی ئاشکراو پێداویستیی ناسنامەی نەتەوایەتییە، ئەو تاقمەی دژایەتیی ئەم شیعرە دەکەن کە وەک دەقی سروودی نەتەوەیی کورد بسەلمێنرێت، پێیان وایە ئەگەر بێتو لەو دێڕەی کە دەڵێت:

ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئایینمانە نیشتمان

تەنیا "لە"یەک بە "دینمان" زیاد بکرێت، واتە ببێتە "لە دینمان ئایینمانە نیشتمان" ئەوە ئەوان گرفتیان لەگەڵ ئەو شیعرە نابێت، بەڵام قسە لەوەدایە کە هەر بەو "لە"یە سەرلەبەری پێکهاتە و ناسنامەی ئەو شیعرە دەگۆڕێت، چونکی ئەو کات نیشتمان دەبێتە بەشێک لە ناسنامەی ئایینی، لە کاتێکدا شەڕی شیعری شۆڕشگێڕانە ئەوەیە کە ئەوەی لە لایەن ڕەقیبەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ ناسنامەی نەتەوایەتییە، نەک ناسنامەی ئایینی، دواجار پێناسی کورد وەک گەلێکی خاوەن کیان و مێژووی خۆی هەر لە چوارچێوەی ناسنامەیەکی ئەوتۆدایە، شیعری شۆڕشگێڕی، مێژووی گەلی خۆی سەرلەنوێ دەنووسێتەوە، ئەو مێژووەی لە لایەن ڕەقیبەوە دەستکاری دەکرێت، دەشێوێنرێت، یان پشتگوێ دەخرێت، بە کورتی دەکرێت بگوترێت هەوڵی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی ئەوەیە کە بە جۆرێک لە خۆبڕوویی نەتەوەیی بگات و کۆتایی بە ژێردەستیی سیاسی ، کولتووری و کۆمەڵایەتی بهێنێت.

بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی بە گشتی سەرنجدانە بە ناوەرۆک، نەک فۆرم، ئاراستەکەی زیاتر ئایدیالۆژی-تەوەرە، ئایدیالۆژیی ناسیونالیزم، ئەم دۆخی ناسیونالیزم-تەوەرییە جۆرێک پارادۆکس لە ناخی شیعری شۆڕشگێڕیدا چێ دەکات: لە لایەکەوە دەخوازێت وەک شیعر بمێنێتەوە و بەهایەکی جوانیناسانەی هەبێت، لە لایەکی تریشەوە دەیەوێ واتایەکی ئاشکرا و جەماوەری بگەیەنێت، یان پەیامێکی خێرا و کاریگەر بە دەستەوە بدات کە ئەو کات مەترسیی دوورکەوتنەوە لە سنووری ئەدەبیی لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە، لەم کۆپلە شیعرەی "هێمن"دا:

گەر لە برسان و لە بەر بێ بەرگی ئیمرۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن بکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

پەیامی سووربوون لەسەر کوردبوون بە شێوەیەکی ئەوەندە زەق و زۆپ و ئاشکرا دەدەبڕێت کە ڕستەکان لە سنووری ڕستەی شیعری دوور دەکەونەوە و ئاراستەی ڕستەی پەخشانئامێز دەگرنە بەر، کەچی "هێمن" هەمان واتا و پەیام لەم شیعرەی خوارەوەدا بە شێوازێکی شاعیرانەتر دەگەیەنێتە خوێنەری خۆی:

دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێم دەدا، ئەمما لە سەر داوا ڕەواکەم سوورترم
دەمکوژێ، ئەمما بە گڕ جەللادەکەمدا دێمەوە
کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە.

هەڵبەت لەبەر هەڵوێستی مرۆڤگەرایانە و پەیامی ئازادیخوازانەی، ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی هەڵگری ڕەهەندێکی قوواڵی ئەخلاقیی ئەدەبیاتە، ئەدەبیات ئەگەر ڕێگایەک بێت بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی چارەنووساز، دەشێت ئەو بڕیارە لە شیعری شۆڕشگێڕیدا خوویا ببێت، وەک شیعری حاجی قادر کە لە قۆناغێکی هەستیاری مێژووی سیاسیی کوردستاندا، ناسنامەی نەتەوەوایەتیی کوردی وەک پرسی مان و نەمانی گەلی کورد پێناسە دەکات، یان وەک لە شیعری گۆڕینی هێمن دا دەردەکەوێت ئەشکەنجە و لێدان و زیندانی کردنی قەومی بالآدەست، ناسنامەی کوردیی پێ زەوت ناکرێت، بە کورتی دەکرێت بگوترێت کە شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی هەڵگری بارێکی زیاتر لە بەهایەکی جوانیناسانەی ڕووتە؛ تواناییەک لە خۆیدا چێ دەکات بۆ

حاجی قادری کۆیی

ناسنامەسازی و ناسنامەپارێزی و پێگەی گوتاری ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا زاڵ دەکات، کەواتە شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی لە کاکڵی خۆی بە دوای پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا دەگەڕێت، ناسنامەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە "ئەوی تر"، بۆ ئەوەی کە دواجار مەشرووعییەت و ڕەوایی بە مافی ئینسانیی خۆی بدات، مافێک کە زەوت کراوە و دەستی بەسەردا گیراوە.

شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی و ئەزموونی ترۆماتیکی (تەنگەتاوی) مرۆیی

ترۆما (trauma) بریتییە لە هۆشیاری و دڵەڕاوکە و گوشاری دەروونیی لەڕادەبەدەر پاش ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوێکی هەرە مەترسیدار لە چەشنی مەرگ، یان تووندوتیژی بە شێوەیەک کە مرۆڤی گیرۆدەی حاڵەتێکی ئەوتۆ و تووشی شۆک و ترس و گرفتی گەورەی دەروونی و دۆخیی دەکات، تیوریی ئەدەبیی ترۆما لەو فۆرم و شێوازانە دەکۆڵێتەوە کە تێیدا ئەزموونی ترۆماتیکی مرۆیی لە نێو دەقی ئەدەبیدا دادەبەزێنرێت و پراکتیزە دەکرێت، ئەزموونی ترۆماتیک مرۆڤ، یان میللەتی تووشبوو بە ئەزموونێکی وەها دەخاتە دۆخێکی تازەی تێگەیشتن و هەستەوەرییەوە؛ تێگەیشتن لە شیمانەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و هەستکردن بە بەرگەنەگرتن لە هەمبەر تووندوتیژیی چاوەڕوانکراوی دووبارە.

لە سۆنگەی ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی ژێر دەست، بە تایبەتی لە ماوەی ئەم دوو سێ سەدەیەی دواییدا بەردەوام هەڕەشەی سڕینەوەی لە سەر بووە و تووشی گەلێک ئەزموونی ترۆماتیکی لە چەشنی، ئەنفال، کیمیاباران، جینۆساید و گوشاری ئابووری و کولتووری هاتووە، شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی دەکرێت وەک بەڵگەیەک (testimony) لە قەڵەم بدرێت بۆ تۆمارکردن و دەنگ و واتابەخشین بەو ئەزموونە ترۆماتیکانە، بۆ ئەوەی دواجار تاک و کۆمەڵگای کوردی بەرگەی قورسایی کارەساتگەلێکی ئەوتۆ بگرن. لەم ڕوانگەیەوە شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی هەوڵێکە بۆ پۆلێنکردن، تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەزموونی ترۆماتیکی تاک و نەتەوەی کورد کە وەک شاهیدێک بۆ واقیعی خۆی بیخاتە بەر چاو و گوێی خوێنەرەوە و بیسەری خۆی، بە کورتی، دەکرێت بگوترێت ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی لە بەشێکی بەرفراوانی خۆیدا پێناسەکەری مرۆڤ و نەتەوەیەکە کە خاوەنی دەروونێکی پاش-ترۆمان؛ مرۆڤ و نەتەوەیەک کە نەحەساوەیی، گوشاری دەروونی، دڵەڕاوکە، پشێوی زەینی، وڕێنەکردن، دەمدەمی میزاجیی، تووڕەیی، ڕاڕاییی هزری و ڕوحی تایبەتمەندیی سەرەکیی دەروونناسییانە.

لە گۆشەنیگای تیوریی ترۆماوە، شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی، تێدەکۆشێت ئەو دەروونە پاش-ترۆمایەی تاک و کۆمەڵگای کورد پێناسە و چارەسەر بکات، بە وتەیەکی تر، دۆخی ترۆماتیکی کورد لە حاڵەتی زەینی و سۆبژێکتەوە بکاتە حاڵەتی عەینی و ئۆبژێکتەوە؛ لە دۆخی واقیعی جیهانی خۆیەوە بۆ دۆخی جیهانی دەق بگوازێتەوە، ئەم هەوڵی گۆڕانکارییە وریاییەک بە تاک و کۆمەڵگای کورد دەدات، واتە وریایی پاش ئەزموونی ترۆماتیک، کە جیاوازە لەو وریاییەی کە پێش ئەو ئەزموونە بوویەتی؛ ئەزموونێک کە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دۆخ و چارەنووسی خۆی، چاوکراوەتر و بەتواناییتری دەکات، نموونەیەک لە شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی کە تێیدا بە ڕوونی ئەزموونی ترۆماتیکی گەلی کورد زەق دەکرێتەوە و مەودایەکی ڕاڤەکارانە بە خوێنەرەوەی خۆی دەدات بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە پتر و کاریگەرتر بناسێت و لە هەمان کاتدا بیکاتە بەڵگەیەکی دەقیی (هەم دەقی شیعری، هەمیش

دەقی مێژوویی) بۆ ساڕێژکردنەوەی برینی نەمانی ئەو گەنجانەی کە وەک سەربازی نیشتمان لە سۆنگەی هزری نەتەوەیی و لە پێناوی پاراستنی خاکی ولاتەکەیاندا گیانیان بەخت کردووە:

سەربازی ون
کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ
بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،
تاجە گوڵێنەیەک دێنێ.
ئەگەر سبەی،
وەفدێک بێتە ولاتی من
لێم بپرسێ:
کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟
دەڵێم:
گەورەم!
لە کەناری هەر جۆگەیێ
لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لەبەر دەرگای، هەر مااڵێ
هەر کڵێسەیێ،
هەر ئەشکەوتێ،
لەسەر گابەردی هەر شاخێ،
لەسەر درەختی هەر باخێ،
لەم ولاتە، لەسەر هەر بستە زەمینێ،
لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ،
مەترسە! کەمێک سەر داخە و
تاجە گوڵێنەکەت دانێ.

عەبدوڵاڵ پەشێو

لە شیعری "سەربازی ون"دا، شاعیر دەخوازێت ئەزموونی تڕۆماتیکی گەلی خۆی، واتە مەرگی هەزاران لاوی کوردی گۆڕغەریب، بە شێوەیەک لە بەرانبەرەکەی (وەفدی ولاتی بیانی، یان بە گشتی جیهانی دەرەوەی واقیعی کوردی) بگەیەنێت کە هەم پێناسەکەری ئاستی گەورەیی ئەو تڕۆمایە، هەم دەستەبەرکەری تێگەیشتنی قوولّی کارەساتیکی مرۆیی ئەوتۆ، هەمیش بە شێوەیەک لاواندنەوەی ئەم کۆستە مەزنە ئینسانییە بێت، ئاماژەدانی پەیتاپەیتا بە شوێنە جیاوازەکانی ولاّت: کەناری جۆگە، سەکۆی مزگەوت، دەرگای ماڵ و کڵێسە و ئەشکەوت، گابەردی شاخ، درەختی باخ، زەمین و ئاسمان ئەوەندەی نیشاندەری بەربڵاویی شوێنەکیی ئەو کارەساتانەیە کە بە سەر کوردستاندا هاتوونە، ئەوەندەش سەلمێنەری فراوانیی کاتەکیی ئەو مەرگەساتانەن کە مێژووی کوردستانیان پێکهێناوە، هەروەتر شاعیر لە رێگای ئەم ئاماژانەوە دەخوازێت بڵێت سەربازانی ونی لە ژمارە نەهاتووی ئەم ولاتە لە پێناوی ئەو جۆگە و مزگەوت و کڵێسە و شاخ و باخ و زەمین و ئاسمانەدا گیانیان بەخت کردووە و هەر لە پاڵ و لە پەنای ئەوانیشدا نێژراون و هەنووکە تۆز و خۆڵی جەستەی ئەوان پێکهێنەری خاک و هەوای کوردستانن، شیعری "سەربازی ون"ی عەبدوڵاڵ پەشێو لێکدانەوەیەکی جوانیناسانەی چارەنووسی خوێناویی شەهیدی کوردە، تێگەیشتنێکی قوولّی شاعیرانە بۆ پرسی خۆبەختکاریی لە پێناوی خاک و لاوکێکی ساڕێژکەرەوەی برینی ئەزموونی پڕ سامی مێژووی ئینسانی- سیاسیی میللەتی کوردە.

ئەنجام

ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی، بەرهەمی دۆخێکی بەرهەستی مێژووی تاک و کۆمەڵگای کوردییە کە تێیدا ئەو تاک و کۆمەڵگایە دەکەونە بەر هەڕەشەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی و کولتووری، ئەو ئەزموونە ناچار ئاوڕی ڕاستەوخۆ لەو واقیعانە دەداتەوە کە مرۆڤ و کۆمەڵگای کورد تووشی پرسی بێبەری کردن لە ناسنامەی نەتەوەیی دەکەن، لەم پێناوەدا، شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی دەبێتە شیعرێکی ناسنامە ساز و ناسنامەپارێز لە باری هەست و ئیرادەی نەتەوەییەوە، لە لایەکی ترەوە، ئەم ئەزموونە هەوڵی بە ئەرشیفکردن و پاراستنی مێژووی ئەو تڕۆما و کارەساتانە دەدات کە مەترسیی تواندنەوەی مرۆڤ و گەلی کوردیان لێ دەکەوێتەوە، بۆیە شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی دەبێتە بنکەیەکی جوانیناسیی - مەعریفی بۆ ئەوەی ئەزموونی تڕۆماتیکی نەتەوەی کورد پتر قابیلی لێکدانەوە و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن بێت، شیعری شۆڕشگێڕیی کوردی، مەکۆیەکی گوتاری و دەقیی سەلماندنی حیکایەتی مانەوە و ژیانەوەی کوردە.